# محازەرەی یەکەم /فسیۆلۆژی
م.شیرین

# دەرونزانی فسیۆلۆجی
# قۆناغی :یەکەم

م.شیرین کامل ابراهیم

nkamil@yahoo.com



# پێشەکی



دەرونزانی وەکو هەر زانستێکی لە زانستەکان بوارێکی بەر فراوانی هەیە، وە لە چەند بواری جۆراو جۆر پێکهاتووە، ئەم بوارانەش دابەش دەکرێن بۆ دوو بەش ئەوانیش :

1- بوارەی تیۆری / زانایان لەم بوارەدا ئامانجیان بەدەستهێنانی زانیاری و دۆزینەوەی یاسا و پەرنسیپەکانی رەفتارن .

2-بوارەی پراکتیکی/ زانایان لەم بوارەدا ئامانجیان جێبەجێکردنی یاسا و تیۆرەکان دەدەن لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاك .

- پسپۆران و زانایان کۆمەڵێك پرسیاریان ئاماژە پێ کردوە لە بوارە تیۆریکاندا لە بارەی ئەوەی کە (بۆچی مندالآن و هەرزەکاران و پێگەیشتوان ئاراستەیان جیاوازە دەربارى هەندێك لە بابەتە رەوشتێکان ) ؟
- بۆ ولآم دانەوەی ئەم پرسیارانە دەرونزانی کۆمەلێك لقی لێکەوتەوە یەکێك لە لقە گرنگەکانی دەرونزانی فسیۆلوجییە .



# دەروونزانی فسیۆلۆجی
# PHYSIOLOGICAL PSYCHOLOGY

- پێناسەی بە شێوەی زمانەوانی ؛
- لە دوو بەش پێك هاتووە ( فسیۆ ) ( physio ) واتا پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤ
- ( LOGY ) واتا زانست
- واتا دەروونزانی زانستی جەستە و پێکهاتەی لەشی مرۆڤ

- **پێناسەی دەروونزانی فسیۆلۆژی :**

- **بە ئینگلیزی پێی دەوترێت ( physiological psychology ) ئەو زانستەکە گرنگی دەدات بەو پەیوەندیەی کە لە نێوان ( رەفتار ی مرۆڤەکان و ئۆرگانەکانی ناوەوەی ) ی مرۆڤ روو دەدەن .**
- **هەروەها گرنگی دەدات بە بەدواداچون بۆ ئەو کاریگەرێیە دەروونیانەی کە پەیوەستن بە کەسایەتی تاکەکان و بەستنەوەیان بە دیاردە زیندووەکان و دیاردە فسیۆلۆژیەکانی سیستەمی دەمار بە تاییەتی ( مێشك ) .**

# پێناسەی لە ڕووی دەرونزانییەوە

- ئەو جۆرە دەرونزانییە کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی لاوازی عەقڵی و کێشە ڕەفتارییەکان و هۆکارەکانی شلەژان وە تێکچوونی دەروونی وعەقڵی و ڕەفتاری و دیاریکردنی هۆکارە کاریگەرێکانیان بە ئامانجی دانانی چارەسەری گونجاو و بە سوود بۆیان .
-

# بوارەکانی دەرونزانی فسیۆلۆجی تیۆری

دەرونزانی فسیۆلۆجی گرنگی دەدات بەم بوارانەی خوارەوە :

1- **بواری لێکۆلینەوە لە تایبەت مەندییەفسیۆلۆژێکان کە لەگەل ورۆژێنەرە دەرەکێکان دەردەکەون -**

- وەك ئەو گۆرانکاریانەی کە روو دەدەن لە لێدانی دڵ: کاتێك روو بە رووی کۆمەلێك کرداری عەقلی دەبێتەوە یان ئەو گۆرانکاریانەی کە روو دەدەن لە پەستانی خوێن کاتێك روو بە رووی کۆمەلە هەلۆیستێکی هەلچوونی دەبێتەوە .

- 2- بواری لێكۆڵینەوە لەسەر **ڕێرەوە دەمارییەكان** كە لە ڕێگای ئاگادار **كەروە دەرەكییەكان** وەردەگیرێت.

- 2- **ئاراستەی پراكتیكی** :لێرەدا ئەم جۆرە دەرونزانییە بواری ئەنجامەكانی ئەو توێژینەوانەی كە كراوە لە بواری دەرونزانی فسیۆلوجی لە ڕێگەی پراكتیكەوە جێ بەجێ كرد . وەك : بەكار هێنانی ئامێری درووكردن و ئامێری لەرلەری دەماغ (مێشك ) و تاقیكردنەوە دەروونییەكان .



# ئامانجەكانی دەروونزانی فسیۆلوجی

- 1- **گەران بە دوای هۆكارەكان :**
- دەروناسە بەناوبانگە فسیولۆجیێكان زۆر جار گرنگیان داوە بە چەمكەكانی دەمارخانە و رەفتارە جۆراو جۆرەكان .كە چۆن میشك و سیستەمی دەمار كاریگەریان هەیە لەسەر زۆر پرۆسە و كرداری مرۆیەكان .وەك رەفتار, بیرگە ( الذاكرة ) درك, پێكردنی عەقلێ وگەشەی كەسایەتی .

- 2- **بە ئامانج كردنی گرفتە سەرەكییەكان :**
- دەروونزانی فسیۆلۆجی بەشێوەیكی تاییەت جەخت دەكەنە سەر كە چۆننەخۆشیەكانی مێشك كاریگەریان هەیە لەسەر رەفتار و بیركردنەوە و هەست و سۆز , چونكە توێژینەوەكان یارمەتیدەرن بۆ باشتركردنی چارەسەرەكان بۆ چەند نەخۆشیەك لە نەخۆشیەكانی مێشك وەك نەخۆشی ( لەبیرچونەوە ) ( زەهایمەر )

- 3- **باشترکردنی تەندروستی :**
- **دەرونزانی فسیۆلۆجی لقێکی گرنگی توێژینەوەی دەروناسیە وە کلیلێکە بۆ پێشکەوتنی دەرونی تیشك دەخاتە سەر کاریگەری دەرمانەکان لەسەر جەستە و مێشك و هەڵسوکەوتی مرۆڤ, بۆ نموونە لەوانەیە لێکۆڵینەوەکان لەسەر سوود و کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمانێکی نوێ ئەنجام بدرێت بۆ کۆنترۆلکردنی شیزۆفرینیا یان خەمۆکی .**

- **4-کۆنترۆڵ کردن و بەدواداچوون :**
- **ئامانجی کۆنترۆڵ کردن و بەدواداچوون لە دەروونزانی فسیۆلۆجی ئەو پلانە پرۆفشینالانەیە کە لە لایەن دەروناسانەوە پەری پێی دراوە و دەبێت لە رێگەی ئەو کەسانەوە کە لەم بوارەدان پەیرو بکرێن, هەر بۆیە بەدواداچوون گرنگە بۆ لەناو بردنی زۆر رەفتاری نەرێنی و نەخۆشی دەماری .**

- **5-چارەسەری گونجاو :**
- **دەرونزانی فسیۆلۆجی لە هەوڵی ئەوەدایە کە چەندین رێگا بۆ هەر نەخۆشیێك بۆ چارەسەر کردنیان بۆ ئەوەی یارمەتی دەروناسان و پزیشکان بکات بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و چارەسەری گونجاو بۆ هەر نەخۆشیەکی تایبەت .**

# - کۆئەندامی دەمار



- **کۆئەندامی دەمار ( الجهاز العصبی ) (The Nervous System**
- تۆڕێکی ئاڵۆزی خانەکانن، کە پەیوەندییان لەنێوان هەیە، چالاکی و بیرو هوش و لە شیکردنەوە **دەپارێزێت** و **کۆنترۆڵی** دەکات. وە هاوسەنگی ناوەکی دەپارێزێت.
- فەرمانی **کۆئەندامی دەمار** چاودێریکردنی ولأمدانەوەی دەوروبەری ژینگەی ناوەوە و دەرەوەیە، کە ئەمەش بەندە لەسەر گواستنەوەی **دەمارە گەیەنەرەکان** کە لە دەمار خانەدا هەن و دەگوازێنەوە لە خانەیەک بو خانەیەکی تر.



# تایبەت مەندییەکانی کۆئەندامی دەمار

- – میشك و دمار ئاراستەی رەفتاری مرۆڤ دەکەن بۆ کاریگەری و گونجاندن لە گەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژیت .
- کۆ ئەندامی دەمار کۆمەڵێك خاسیەت و تاییەت مەندی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتار لەو تاییەت مەندییانە :
- 1– ئاڵۆزی ( التعقید complexity ) :مێشك و کۆئەندامی دەمار زۆر ئاڵۆزن چونکە مێشك لە بلیۆنەها خانە پێکهاتووە .

- 2– تەواوکاری یان پێکەوە بەستن ( التكامل او الدمج integration ):
- زانا ستیڤن هایمان زانای بواری بواری دەمارزانی
- ( مێشك بە پێکەوەبەستەر یان بە تۆری مەزن ناو دەبات ,ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە مێشك هەڵدەستێت بەستنەوەی زانیارییە جۆراو جۆرەکان وەك :.ڕەنگەکان ,دیمەنەکان ,تامەکان ,

• 3- تواناى خۆگونجاندن : adaptability)

جيهان و ژينگەى دەورروو بەرمان بەردەوام لە گۆران دا يە ,بۆپاريزگاريكردن لە مانەوەمان پيويستە خۆمان بگونجينين لە گەلْ بارودۆخ و ژينگەى دەرووبەرمان, ميشك وە كۆ بەشيك لە كۆئەندامى دەمار توانايەكى باشى هەيە بۆ خۆگونجاندن لە گەلْ گۆرانكارى بارودۆخەكان .

4- گواستنەوە كارۆكيمياوييەكان ) : electro chemical)

ميشك و ەكو كۆئەنداميكى دەمارى بە شيوەيەكى سەرەكى كار دەكات بۆ چارەسەركردنى زانيارييەكان, ئەمەش ئە نجام دەدريت لە ريگاى هيما كارەبايي و كيميابييەكانەوە .هەر كاتيك گرفت لە هاتو و چۆ كردنى سيستەمى كارو كيميايى دروست بيت ئەوەلەو

• حاڵەتی ( پەرکەم, الصرع ) روو ئەدات بەهۆی نارێکی لە گەیاندنی زانیارییەکان میشك ناتوانێت چارسەری زانیارییەکان بە ووردی دەستنیشان بکات, بەمەش تاك ناتوانێت چالاکی و کردارە عەقڵییەکان ئە نجام بدات.



# کۆئەندامی دەمار پێك هاتووە لە 2 کۆئەندامی سەرەکی ئەوانیش :

- 1- کۆ ئەندامی دەماری ناوەندی ( Central Nervous System)

- 2- چێوە کۆ ئەندامی دەمار( Peripheral Nervous System)